هەربەندەیەک -لە ئێوارەیەدا- سێ جار بڵێت: (بِسْمِ اللَّهِ الَّذِي لَا يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ، فِي الْأَرْضِ، وَلَا فِي السَّمَاءِ، وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ)^، ئەوا بەڵای لەناکاو تووشی نابێت هەتاوەکو بەیانی بەسەردا دێت

لە ئەبانی کوڕی عوسمانەوە دەڵێت: گوێم لە عوسمانی کوڕی عەفان بوو -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەیووت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەربەندەیەک -لە ئێوارەیەدا- سێ جار بڵێت: (بِسْمِ اللَّهِ الَّذِي لَا يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ، فِي الْأَرْضِ، وَلَا فِي السَّمَاءِ، وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ)^، ئەوا بەڵای لەناکاو تووشی نابێت هەتاوەکو بەیانی بەسەردا دێت، وئەوەی سێ جار بیخوێنێت لە بەیانیدا، تووشی بەڵای لەناکاو نابێت هەتاوەکو ئێوارەی بەسەردا دێت»، ئەوەی فەرموودەکە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەبانی کوڕی عوسمان تووشی شەلەل بوو، وئەو پیاوەی فەرموودەکەی لێوە بیست -بە سەرسوڕمانەوە- سەیری دەکرد، ئەویش -ئەبان- ووتی: بۆچی وا سەیرم دەکەیت؟ واللە درۆم نەکردووە بەناوی عوسمانەوە، وعوسمانیش درۆی نەکردووە بەناوی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، بەڵام ئەو ڕۆژەی تووشی هاتم؛ تورەم بووم و لەبیرم چوو بیخوێنم. ^(واتە: بەناوی خودا [پەنا دەگرم بە ناوی پیرۆزی خودا کە (اللە))یە] کە بە پەناگرتن بەم ناوە پیرۆزە هیچ شتێک ناتوانێت زیان بگەیەنێت نە لە زەوی ونە لە ئاسماندا، خودا بیسەرە (السمیع)ە و زانایە ((العلیم)ە

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي والنسائي -له الكبرى- وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەرکەسێك لە بەیانی هەموو ڕۆژێك لەپاش دەرچوونی خۆر وئێوارەی هەموو شەوێك پێش ئاوابوونی خۆر، سێ جار بڵێت: (بِسْمِ اللَّهِ:بەناوی خودا)؛ داوای یارمەتی وپاراستن لە خوای گەورە دەکەم لە هەموو زیانبەخشێك، (الَّذِي لَا يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ:کە بە پەناگرتن بەم ناوە پیرۆزە هیچ شتێک ناتوانێت زیان بگەیەنێت)؛ بە هێنانی ناوی ئەو هیچ شتێك ناتوانێت زیان بگەیەنێت هەرچەندە گەورە بێت، (فِي الْأَرْضِ:نە لە زەوی)؛ وئەوەیشی لێی دەردەچێت لە بەڵا وکارەساتەکان، (وَلَا فِي السَّمَاءِ:ونە لە ئاسماندا)؛ وئەوەی لێیەوە دادەبەزێت، (وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ:وخودا بیسەر وزانایە)؛ بیسەری قسەکانمانە وزانا وشارەزایە بە حاڵمان. هەرکەسێك ئەم زیکرە بڵێت لەکاتی هاتنی ئێوارەدا؛ ئەوا تووشی هیچ بەڵایەکی لەناکاو نابێت هەتاوەکو بەیانی بەسەردا دێت، وهەرکەسێك ئەم زیکرە بڵێت لەکاتی هاتنی بەیانیدا؛ ئەوا تووشی هیچ بەڵایەکی لەناکاو نابێت هەتاوەکو ئێوارەی بەسەردا دێت. گێڕەرەوەی فەرموودەکە (ئەبانی کوڕی عوسمان) تووشی شەلەل بوو؛ ئەمیش نەخۆشیەکە کە تێیدا مرۆڤ ناتوانێت ڕکێف بکات بە بەشێك لە لاشەی یان بریتیە لە لاربوونەوەی تەنیشتێکی لاشە، ئەو پیاوەی فەرموودەکەی لێوە بیست بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەبانی دەکرد! ئەبان بە پیاوەکەی ووت: بۆچی وا سەیرم دەکەیت؟! واللە درۆم نەکردووە بەناوی عوسمانەوە، وعوسمان درۆی نەکردووە بەناوی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، بەڵام ئەو ڕۆژەی تووشی بووم؛ قەدەری خوا وابوو کە ئەو ڕۆژە ئەو نزایەم نەخوێند، چونکە زۆر تورە بووم و لەبیرم چوو ئەو وشانە بڵێم.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6093